# پێگەی ئایینی شێخ حەسەنی عەدەوی لە سەرچاوە مێژووییەکان و یادەوەری ئێزیدییدا؛ توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە

**سەعید مەولوود نادر**
بەشی مێژوو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

لە هەر کۆمەڵێکی باوەڕدار،چەندین پیرۆز کراو بەرهەمهێنراون، کە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەو کۆمەڵەدا ڕاستییەکی مێژوویی لەخۆگرتووە و شایستەی قسە لەسەرکردن و ڕەخنەگرتن نییە، چونکە بەرهەمی تێگەیشتنی دەستەجەمعی کۆی کۆمەڵەکە ئەو پیرۆزییەی بەرهەمهێناوە.
شێخ حەسەن وەك کەسایەتییەکی سۆفی، لە تێڕوانینی ئێزیدییەکان پێگەیەکی بەرزی ئایینی هەیە و بە هەوێنی باوەڕی ئێزیدییاتی دادەنرێت، ئەگەرچی بەرهەمی خەیاڵکردی خۆیانە و سروشتی کۆمەڵایەتیی ئەوان دەخوازێت ڕابەر و پیاوچاکانییان پیرۆز بکەن، بەڵام نابێت نکوڵی لەو تێگەیشتنە مێژوویە بکرێت و خەیاڵی دەستەجەمعی کۆی ئەو کۆمەڵە پەراوێز بخرێت، بەڵکو پێویستە وەك بەشێك لە مێژووی خەیاڵکرد مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و هەڵبسەنگێنرێت. چونکە ئەو تێگەیشتنە بووەتە بەشێك لە ڕاستی مێژوویی و لە باوەڕی ئایینی ئەو کۆمەڵەدا لە فۆرمی مرۆڤ دەرچووە و پێگەیەکی خودایی هەیە.
لەو تێڕوانینەوە، هەوڵدراوە کەسایەتیی ڕاستەقینەی لە سەرچاوە مێژووییەکان بخرێتەڕوو، پاشان وێنا خەیاڵکردەکەی ئەو کەسایەتییە، لە تێگەیشتنی کۆمەڵی باوەڕدارانی ڕوونبکرێتەوە. خستنەڕووی ئەو دوو وێنا جیاوازە، ڕێبازێکە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی خەیاڵییانەی ئەو کۆمەڵە مرۆییە، بەو پێیەی مێژووی ژیانی کەسایەتی شێخ حەسەن باسکراوە، پاشان تێگەیشتنی ئێزیدییەکان ڕوونکراوەتەوە. ئامانجی سەرەکی لەو کارەدا، دەرخستنی وێنای خەیاڵی باوەڕدارانی سەرجەم ئایینەکانە، چونکە ئەو گوزارشتە لە پیرۆزکردنی کەسایەتییە دیارەکانی ناو هەر باوەڕێکی ئایینی، هەمان مانا دەگەیەنێت. بۆیە دەکرێت بڵێین، شێخ حەسەن لە یادەوەری ئێزیدی، گوزارشتە لە هەموو ئەو کەسایەتییانە، کە لە باوەڕی ئایینەکانیتردا ئەو وێنا ئەفسانەییەیان بۆ دروستکراوە و پیرۆز کراون، بەو مانایەی لەسەرووی مرۆڤ سەیر دەکرێن.

**وشە سەرەکییەکان:** شێخ حەسەن، یادەوەری، تەریقەتی عەدەوی، ئێزیدی، پیرۆزی

## پێشەکی

شێخ حەسەن، یەکێکە لەو کارەکتەرە گرنگانەی تەریقەتی عەدەوی، کە ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە ناوچەکە و پێگەیەکی گرنگی ئایینیشی هەبووە، پێشەوایەتی کوردە عەدەوییەکانی کردووە، تێڕوانینی سۆفیگەرییانەی تایبەت بەخۆی هەبووە و خاوەنی زرنگی و بلیمەتی بووە لە گوتاربێژی و هۆنینەوەی شیعری سۆفیگەری، لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی ناوبانگی دەرکردووە و بە دامەزرێنەری ئایینی ئێزیدی ناسراوە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٩ی کانوونی دووەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢ی شوبات ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٨ ی حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: saeed.mawlwd@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ **سەعید مەولوود نادر**
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

سەبارەت بەو کەسایەتییە دوو تێگەیشتنی جیاواز هەیە، لە سەرچاوە مێژووییەکان وەك سۆفییەك ناسێنراوە کە خاوەنی تێڕوانینی فەلسەفییانەیە و هزرە سۆفیگەرییەکانی تێکەڵی باوەڕی ئیسلامی کردووە، بەڵام وێنای ئەو کەسە لە یادەوەری ئێزیدییەکان، تەواو جیاوازە و تێگەیشتنێکی خەیاڵکردانەی خۆکردییە، بەشێوەیەك لێیدەڕوانن، کە بەشدارە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دونیا و یەکێکە لە حەوت فریشتە پیرۆزەکانی ئەو ئایینە.
لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە میتۆدی بەراوردکاری تیشك بخرێتە سەر مانا جیاوازەکانی ئەو کەسایەتییە، بە شێوەیەك پشت بە سەرچاوە مێژووییەکان بەستراوە بۆ هەڵسەنگاندانی ئەو کەسایەتییە و پێگەی ڕۆحییەکەشی لە یادەوەری ئێزیدییەکان خراوەتەڕوو.
پێکهاتەی توێژینەوەکە بۆ دەروازەیەك و سێ تەوەر دابەشکراوە، لە دەروازەدا هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان تەریقەتی عەدەوی و ئایینی ئێزیدی ڕوون بکرێتەوە، بۆ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp37-46

دیاریکردنی ڕۆڵی ئەو کەسە لە گۆڕینی ئاراستە فکرییەکان. تەوەری یەکەم تایبەتە بە ژیانی شێخ حەسەن، ئەو زانیارییانە خراوەتەڕوو کە سەرچاوە مێژووییەکان دەربارەی تۆماریان کردووە. لە تەوەری دووەمدا هەڵوەستە لەسەر پیرۆزکردنی شێخ و ڕابەران کراوە وەك کولتورێکی باوی کۆمەڵایەتی و ئاینی لەو تەریقەتەدا. هەرچی تەوەری سێیەمە، وێنای ئەو کەسایەتییە خراوەتەڕوو لە یادەوەری ئێزیدییەکان، کە وێنایەکی تەواو جیاوازە لە کەسایەتییە ڕاستەقینەکە و لە بەرگی مرۆڤ چۆتە دەرەوە، بۆ خستنەڕووی ئەو بوارەش، پشت بە کەلەپور و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ئەو گروپە ئاینییە بەستراوە، کە بووەتە بەشێك لە دەقی پیرۆزی ئاینییان.

**دەروازە، پەیوەندی نێوان تەریقەتی عەدەوی و ئاینی ئێزیدی**

لەسەرەتای ئەو توێژینەوەیەدا، پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر پەیوەندی نێوان تەریقەتی عەدەوی و ئاینی ئێزیدی بکەین، چونکە پەیوەندییەکی مێژوویانەی ئاڵۆز لە نێوان ئەو دوو گروپە ئاینییە هەیە و سەرهەڵدانی هەریەکێکیان تەمومژاوییە، بەو پێیەی پانتاییەکی جوگرافی دیاریکراو مەڵبەندی جێنشینی پەیڕەوکاری هەردوو کایە ئاینەکەیە و لە دوو قۆناغی یەك بەدوای یەکدا ناسنامەی ئاینی هەمان کۆمەڵی مرۆییە، هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەو پەیوەندییەی نێوانیان مشتومڕی لەناو مێژوونووسان دروستکردووە و ساغ نەبووەتەوە.

ناسنامەی تەریقەتی عەدەوی پەیوەستە بە کەسایەتی (شيخ عدي)[1] ، کە لەناو ئێزیدییەکان بە شێخ ئادی ناسراوە، ئەو کەسایەتییە وەک سۆفییەک لە دوای گەشت و گەڕانێکی زۆر بە وڵاتان و شاراندا، لالشی هەڵبژاردووە بۆ خواپەرستی، لەڕێگەی ڕێنمایی و ئامۆژگارییە ئاینییەکانی توانیویەتی موریدێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە تەریقەتی عەدەوی دامەزراندووە (ابن المستوفي، ٢٠١١، ١٠٦؛ ابن خلكان، ١٩٧٧، ٢٥٤/٣) هەرچی ئاینی ئێزیدییە، لە هەمان پانتایی جوگرافی شوێنکەوتووانی تەریقەتی عەدەوی، لەدوای مردنی شێخ ئادی سەریهەڵداوە و وەك ئاینێکی تایبەتمەندی سەربەخۆ شوێنکەوتە و پەیڕەوکارەکانی بە ئێزیدییەکان ناسراون. ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان ئەو دوو باوەڕە ئاینییە، بۆچوونی جیاوازی لای مێژوونووسان دروستکردووە، بەشێك پێیانوایە تەریقەتی عەدەوی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی باوەڕی ئاینی ئێزیدییە (الدوسكي، ٢٠١٠، ٣٧١؛ الحسني، ١٩٨٧، ١٣)، ئەو بۆچوونەش لە ئەنجامی تۆمارکردنی هەندێك زانیاری لەلایەن چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە سەردەمی ئەو تەریقەتە و بەکارهێنانی ناسنامەی یەزیدی بۆ عەدەوییەکان سەرچاوەی گرتووە، تەنانەت لەو سەرچاوانە بەڕوونی شوناسەکان بۆ هەمان گروپی ئاینی بەکارهێنراون.

عبيدالله بن شبل (م ٦٥٨ك/١٢٦٠ز)، کە لە سەردەمی شێخ حەسەن ژیاوە، بە دیاریکراوی باس لەو گروپە دەکات و بە یەزیدی ناویان دەبات، لەمیانەی وێناکردنیان وەك باوەڕێکی نادروستی دژە ئیسلام پێناسەیان دەکات بەوەی شەیتان زالبووە بەسەر عەقڵیان، وەسوەسەی خۆشەویستی یەزیدی کوڕی موعاویەیان دەداتە پاڵ (د.ت، ٢٤٣)، شبل ویستویەتی ناڕاستەوخۆ وێنای گومڕایی و کافربونی ئەو کۆمەڵە ئاینییە دەربخات، هەموو ئەو نادروستی باوەڕییەش دەخاتە پاڵ شێخ حەسەن، زیاتریش جەخت لە زیادەڕەویکردنیان دەکاتەوە لە خۆشەویستی یەزید، بێئەوەی زانیارییەکی دروستیان لەسەر ئەو کەسایەتییە هەبێت، سەرەڕای گومانکردنیان لە شێوازی نوسینەوە و خالبەندی قورئان (د.ت، ٢٤٨). هەروەها سەرچاوەیەکی دیکەی ئەو سەردەمە، باس لەو گروپە ئاینییە دەکات و بە یەزیدی ناویان دەهێنێت، ئاماژەی بەوە کردووە ئەوانە یەزید بە پێشەوا دەزانن (سيد مرتضى، ١٣١٣، ٩٩). گوتاری شەرەفخانیش پشتڕاستی ئەو گوزارشتە دەکاتەوە، کاتێك ئاماژەی بە گۆڕانی باوەڕی ئاینی ئەو کۆمەڵە کردووە و جەخت لە پەشیمانبوونەوەی هەندێکیان دەکاتەوە، کە جارێکیتر بوونەتەوە موسوڵمان (٢٠٠٦، ٢٩٣/١). بەڵام هەندێك لە سەرچاوە هاوچەرخەکان پێیانوایە بێجگە لە ناوچەی جوگرافی و پانتایی بڵاوبوونەوەی ئەو دوو باوەڕە ئاینییە، شتێکی دیکە بەیەکەوەیان نابەستێتەوە (ميران، ٢٠٠٠، ٩١؛ فەتاح، ٢٠٠٣، ٨٧/٣).

ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە، هەریەك لە شێخ ئادی و شێخ حەسەن ڕۆڵی گرنگییان بینیوە لە هەردوو سەردەمە جیاوازەکە، بەپێی سەرچاوە مێژوویە ئیسلامییەکان وەك دوو کەسایەتی دیار هەریەکەو بە شێوازێك هەوڵیانداوە تێگەیشتنی ئاینییانەی خۆیان لەناو شوێنکەوتەکان بڵاو بکەنەوە، ئەمەش وایکردووە، لە تێگەیشتنی پەیڕەوکارانی ئێزیدییاتی جیاواز دەربکەون و وێنا بکرێن (بروانە: الذهبي، ٢٠٠٣، ٤٩٩/١٤؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ١٩/ ٣٥٢)، بەهۆی ئەوەی ئەو دوو تێڕوانینی ئاینی جیاوازییان هەبووە و بە دوو شێوازی جیاواز موریدانییان ئاراستە کردووە.

هەرچی شێخ ئادییە، زۆربەی سەرچاوە مێژوویی و فیقهییەکان هاوڕان لەسەر موسڵمانێتی و باوەڕبوونی بە بنەما شەرعییەکانی ئاینی ئیسلام، بانگەشەی وەرگرتنی ڕێنمایی ئاینی کردووە لە قورئان و فەرموودە و باوەڕی سەلەف (ابن خلكان، ١٩٧٧، ٢٥٤/٣؛ ابن تيميه، ١٩٧٢، ٣٠٥/١)، نوسینی کتێبی (اعتقاد اهل السنة والجماعة) لەلایەن ئەو کەسایەتییە، ئەو زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوە و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە باوەڕی ئاینی ئەو کەسایەتییە (بروانە: بن مسافر، ١٩٩٨، ٢٠-٤٦).

ئیبن تەیمیە ، کە سەرچاوەیەکی نزیکی ئەو سەردەمەیە، نامەیەکی تایبەتی ئاراستەی عەدەوییەکان کردووە، باسی بیدعە و لادانی باوەڕی ئاینی ئەو گروپەی کردووە لە پیرۆزکردنی شێخ و کەسایەتییەکان، گومانکردن لە بینینی خودا لەلایەن پێغەمبەر، خەو بینین بە خودا لەلایەن پیاوچاکان، سەرەڕای کێشە ئاینییەکانی وەك خەلقی قورئان و خالبەندی و شێوازی نوسینەوە و کۆکردنەوەی قورئان، بە دیاریکراوی ئەو لادان و زیادەڕەوییەی گەڕاندووەتەوە بۆ شێخ حەسەن و بە هۆکاری گومڕایی و سەرپێچیکاری لەقەڵەم دەدات (١٩٧٢، ٣٠٥/١). الذهبي دەڵێت، "جیاوازی نێوانیان، وەك جیاوازی نێوان ئاسمان و ڕێسمانە (١٩٩٥، ٢٤٧/٤٧).

زیادبوونی ژمارەی مورید و شوێنکەوتووانی و بەهێزبوونی، خواستی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن شێخ حەسەن دروستکردووە، بەتایبەتی کاتێك سەرنجی ئاستی وابەستەبوونی شوێنکەوتەکانی بدەین، دەبینین زۆر پەیوەست بوون پێیەوە، ملکەچی تەواوی بڕیارەکانی بوون، الصفدی ئاماژەی بەو ملکەچییە کردووە، دەڵێت، "شوێنکەوتووانی بە تەنها ئاماژەیەکی شێخەکەیان، دەیانتوانی ولاتی موسل وێران بکەن (٢٠٠٠، ٦٣/١٢)، بێجگە لەوەی ساڵی (٦٢٧ك/١٢٣٠ز) سەردانی شاری هەولێری کردووە، بە ئامانجی نەهێشتنی گرژی و ئاڵۆزی لەگەڵ تەریقەتە جیاوازەکان و ناوچەکانی دەوروبەری، ئیبن مستەوفی ئەو سەردانە بۆ ئاسایی کردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکان دەگێڕێتەوە (٢٠١١، ١٠٧)،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp37-46

سەردانی هەولێر و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان، ڕاستی ئامانجە سیاسییەکانی ئەو کەسایەتییە دەسەلمێنێت.
هەموو ئەمانە ئاماژەن لە گۆڕانی تێڕوانین و جیهانبینی ئایینییانەی نێوان شێخ ئادی و شێخ حەسەن، بێجگە لەوەی تێکەڵاوبوونی خواستی دونیایی و ئایینییە لە سەردەمی دووەم، کە تەریقەت و پەیڕەوکارانی دەبن بە هێزێکی سیاسی و ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگێڕن لە پاڵ بۆچونی ئایینییان.

## تەوەری یەکەم: کەسایەتی شێخ حەسەن لە سەرچاوە مێژووییەکاندا

بەشێك لە مێژووی ژیانی ئەو کەسایەتییە نادیارە و لە سەرچاوەکان تەنها هەندێك زانیاری تۆمار کراوە، ئەویش لەلایەن نەیارانی باوەڕی ئەو گروپە نوسراوەتەوە، ئەو زانیارییانەی بەردەستە، ناوی تەواوی (ابو محمد حسن کوڕی شێخ عەدی[٢] کوڕی ئەبو بەرەکات کوڕی صخر کوڕی موسافر)ە، بە شێخی کوردان بەناوبانگە و ناسراوە بە تاج العارفین (الكتبي، ١٩٧٣، ١/ ٣٣٤؛ السخاوي، ١٩٨٦، ١٦٩).
شێخ حەسەن لە ساڵی (٥٩٢ك/١١٩٥ز) لەلالش لەدایك بووە (ابن المستوفي، ٢٠١١، ١٠٧)، لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی- سۆفیگەری ئەوتۆ پەروەردە بووە، کە ناوەندی تەریقەتی عەدەوی بووە و لەسەرەتای ژیانییەوە تێکەڵاوی ئەو سیستەمە ئایینییە- میللییە بووە، چونکە لە بنەماڵەی پێشەوایانی تەریقەتەکە بووە و شێخ عەدی باوکی زانا و عارفێکی دیاری ئەو سەردەمە بووە، ناوبانگێکی بەرفراوانی لە جیهانی سۆفیگەری ئەو سەردەمەدا هەبووە (التادفي، ١٩٥٦، ١١٠؛ الغساني، ١٩٧٥، ٦٠١)، ئەمەش وایکردووە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ڕۆحی بە کایە ئایینەکەوە هەبێت و کەشی ژینگە کۆمەڵایەتییە - ئایینییەکە و خواپەرستی و پێگەی ئایینی بنەماڵەکەی، زەمینەیەکی لەباری بۆ ڕەخساندووە لە پەروەردەکردنی زانستی و لێهاتویی لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵە ئایینییەکە، بۆیە پێدەچێت ڕاستەوخۆ لە دوای مردنی شێخ عەدی باوکی، پێشەوایەتی تەریقەتەکەی وەرگرتبێت. ئەوەی پشتڕاستی ئەو بۆچوونە دەکاتەوە، لەو کاتەدا تەمەنی گەیشتبوە (٣٣) ساڵ و گونجاو بووە بۆ پێشەوایەتیکردن، لەسەرچاوەکانیش ئاماژە بە لێهاتویی گوتاربێژی و بواری ئەدەب و هۆنینەوەی شیعری سۆفیگەری ئەو کەسایەتییە کراوە (الكتبي، ١٩٧٣، ١/ ٣٣٤).
ئەو ڕەوشە گونجاوە پەروەردەییە هۆکارێکی باشی دەرکەوتنی ئەو کەسایەتییە بووە، بێجگە لە توانای گوتاردان و زمان پاراوی و ڕەوانبێژی بەهێزی، لە پاڵ زمانی عەرەبی، کە زمانی گفتوگۆی فەلسەفی و بابەتە سۆفیگەرییەکانی ئەو سەردەمە بووە، زمانەکانی کوردی و سریانی بەباشی زانیوە، ئەمەش بۆ ژیانکردنی لەو ناوەندە فرە ڕۆشنبیری و کلتورییە جیاوازە دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا خۆی پێشەوای کوردە عەدەوییەکان بووە، ماوەیەکیش لە موسل نیشتەجێ بووە، بەشداری دانیشتن و کۆڕی چەندین زانای ئەو سەردەمەی کردووە، لەپاڵ ئەوەی کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مەسیحییەکانی بەعشیقەدا هەبووە و شارەزاییەکی باشیشی لە ئینجیل هەبووە (الحمد، ٢٠٠١، ١٤٨)، ئەو لێهاتوییەی بووەتە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ موریدەکانی و پەیوەستکردنیان بەخۆیەوە، تەنانەت کەسایەتییەکی ئەفسانەیی ئەوتۆیان بۆ دروستکردووە، کە تواناکانی لە سەرووی توانای کەسانی ئاسایی بێت (سمو، ٢٠٠١، ١٨٠)، بەتایبەتی لەدوای وەرگرتنی پێشەوایەتی تەریقەتەکە، سیستەمی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان مورید و شێخ ئالۆزتر دەرکەوتووە و وێنای ئەفسانەیی کەسایەتی شێخ لەلای موریدانی زیاتر جێگیر بووە (لیسکو، ٢٠٠٧، ٣٢). ئەو زەمینەسازییە، هاوکاری کردووە لە بەرز بوونەوەی پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتیی ئەو کەسایەتییە، بەو پێیەی لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار و دواکەوتووی خێڵەکی ئەو سەردەمە پێگەیشتووە، بۆیە توانیویەتی بەئاسانی کاریگەری بەرچاو لەسەر شوێنکەوتەکانی دروست بکات.
ساڵی (٦١١ك/١٢١١ز) باوکی ڕەوانەی شاری موسلی کردووە و لەسەر دەستی ئیبن عەرەبی[٣] زانستە ئایینییە سۆفیگەرییەکانی خوێندووە، ساڵی (٦١٨ك/١٢٢٢ز) بۆ جاری دووەم چووەتە شاری دیمەشق بە مەبەستی خوێندن بۆ لای ئەو کەسایەتییە، سەرەڕای ئەوەی ساڵی (٦١٦ك/١٢١٩ز) باوکی ناردویەتییە شاری حەلەب بۆ خوێندنی کتێبەکانی سەهرەوەردی[٤] (الحمد، ٢٠٠١، ١٤١-١٤٢). ئەوەی بە هانامانەوە دێت لە تێگەیشتنی پەیوەندی شێخ حەسەن بە هزری ئیبن عەرەبی، لەو سەردەمەدا ئیبن عەرەبی لە قوتابخانەی (النوري) لە موسڵ مامۆستا بووە و کتێبی (التنزلات الموصلية)ی نووسیوە (الدملوجي، ٢٠١٠، ١٤١). ئەمەش کاریگەری بۆچوونە فەلسەفییەکانی ابن عەرەبی بەسەر تێفکرینی شێخ حەسەن لە هۆنراوەکاندا دروستکردووە.
بەشێك لە هۆنراوە سۆفیگەرییەکانی ئەو کەسایەتییە لە سەرچاوەکان تۆمار کراون، باوەڕبوونی ئەو کەسە ڕووندەکەنەوە سەبارەت بە چەمکەکانی (حلول، الاتحاد، وحدة الوجود، الرجعة) (الذهبي، ٢٠٠٣، ١٤/٤٩٩-٥٠٠؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ٦٣/١٢)، سەرەڕای ئەوەی لە بابەتەکانی دێرینێتی و سەر و بۆری قورئان بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووە (ابن المستوفي ٢٠١١، ١٠٧)، هاموشۆکردنی بەردەوامیی بۆ شاری موسل و ماوەیەك نیشتەجێ بوونی لەم شارە، خوێندنیشی لەلای ئیبن عەرەبی، ئەو بۆچوونەی لای هەندێك لە توێژەران دروستکردووە، کە بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئەو کەسایەتییە کاریگەرییان لەسەر دروست کردووە و ڕەنگدانەوەی تەواوییان بەسەر بەرهەمەکانی هەبووە و کاریگەری هزری ئەویان پێوە دیارە (الدملوجي، ٢٠١٠، ١٤١؛ سمو، ٢٠٠١، ٤٨).
شێخ حەسەن ماوەی شەش ساڵ، دوور لە موریدان و هاوەڵانی تەنهایی هەڵبژاردووە و چووەتە خەلوەت بۆ خواپەرستی، لەو ماوەیەدا، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینییەکان، شێخ فەخرەدینی برای وەك جێنشینی خۆی داناوە، لەماوەی خەلوەتیدا چەند کتێبێکی بەناونیشانی (الجلوة لارباب الخلوة)، (محك الايمان)، (هداية الاصحاب) نووسیوە (الذهبي، ٢٠٠٣، ١٤/٤٩٩؛ الغساني، ١٩٧٥، ٥٤٩). بێجگە لە بەشێك لەو هۆنراوە سۆفیگەرییانەی ئەو سەرچاوانە تۆماریان کردووە، کتێبەکانی شوێنەواریان نەماوە، بەڵام سەرچاوە مێژوویە هاوچەرخەکان (جیلوە و مەسحەفا ڕەش)ی کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان، دەدەنە پاڵ ئەو (صديقی، ٢٠١٥، ٤٣٠؛ فەتاح، ٢٠٠٤، ٩٤/٣).
گۆڕانی شێخ حەسەن لە پێشەوایەکی ئایینی بۆ سەرکردەیەکی سیاسی و بەهێزبوون و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکی بووە لەگەڵ بەدرەدین لؤلؤ (٦٣١-٦٥٧ك/١٢٣٤-١٢٥٨ز)ی فەرمانڕەوای موسڵ، سەرەڕای جیاوازی مەزهەب لەنێوانیان (الموصلي، ١٩٦٦، ٦-٩)، لە ئەنجامدا چەندین تۆمەت بۆ ئەو کەسایەتییە دروستکراوە لە لادان لە بنەما ڕاستەقینەکانی

ئایینی ئیسلام و گۆڕینی ئاراستەی باوەڕی ئایینی، لە لایەن فەقیهو زانایان حوكمی لادان و هەڵگەڕانەوەیان بەسەردا سەپێندراوە (ابن المستوفی، ٢٠١١، ١٠٩-١١٠). ئەمەش پاساوێكی بەهێز بووە بۆ لەناوبردنی شێخ حەسەن و تەریقەتەكەی، زۆری سەرچاوەكانی ئەو سەردەمەش جەخت لەو بۆچونە دەكەنەوە. ابن خلكان، كە نزیكی ئەو سەردەمەیە، باس لە زیادبونی ژمارەی موریدان و گۆڕانی باوەڕی ئاینییان دەكاتەوە، بەشێوەیەك زیادەڕەوییان كردووە، تا ئەو ئاستەی گۆڕی شێخ عەدییان كردووە بە قیبلە (ابن خلكان، ١٩٧٧، ٢٥٤/٣). ئەمەش بووەتە پاساوێكی ئایینی بەهێز بۆ لؤلؤ، تا لە مەترسییە زۆرەكانی شێخ حەسەن و شوێنكەوتووانی خۆی ڕزگار بكات، بۆیە لە ساڵی (٦٤٤ك/١٢٤٦ز) لەقەلای موسل زیندانی دەكات، لە هەمان ساڵ، لەتەمەنی (٥٣) ساڵی لە سێدارەی دەدات (الكتبي، ١٩٧٣، ٣٣٥/١).

پەیوەستبونی بەهێزی موریدان و باوەڕبونیان بە ماننای ئەو كەسایەتییە، لەو ئاستەدا بووە، باوەڕیان بە مردنی هەمیشەیي نەكردووە، بەلكو باوەڕیان بەوە هەبووە جارێكی دیكە دەگەڕێتەوە (الذهبي، ٢٠٠٣، ٤٩٩/١٤)، ئەوەش ئاماژەیە بۆ وابەستەی بەهێزی ئەو گروپە ئاینییە بە باوەڕی ئایینییان، بەهۆی پێگەی بەهێزی ئایینیی شێخ حەسەن، گۆڕی شێخ ئادیش پەیوەندییەكانی تۆكمەتر كردووە، پێدەچێت دوای ئەو ڕوداوە زیاتر خۆیان ئامادە كردبێت بۆ تۆلە كردنەوەی پێشەواكەیان، مەترسییەكانیان بۆ سەر دەسەلاتی موسڵ زیاتر بووە، بۆیە لؤلؤ جارێكی دیكە بەهێزێكی زۆرەوە لەساڵی (٦٥٢ك/١٢٥٤ز) هێرش دەكاتەوە سەر لالش، ژمارەیەكیان بەدیل دەگرێت و ژمارەیەكیشیان دەكوژێت، گۆڕی شێخ ئادی هەڵدەداتەوەو ئێسك و پروسكەكەی دەسوتێنێت (مؤلف المجهول، ١٩٦٤، ٣١٥؛ الغساني، ١٩٧٥، ٦٠١).

## تەوەری دووەم: پیرۆزكردنی شێخ و ڕابەران لە تەریقەتی عەدەویدا

سەرەتاكانی تەریقەتی سۆفیگەری لە ناوچە كوردنشینەكان، هاوشێوەی زوهدی سۆفیزمی ئیسلامی، هەنگاونان بوو بەرەو جیهانی ڕۆحانی، واتا دونیابینییەكی تەواو ڕۆحانی بوو. لە سەدەی (٧ك/١٣ز) بە دواوە، ئەو كایە ئایینییە چووە ناو چوارچێوەی قوتابخانەی فیكری و ئاوێتەی شێوازی عیرفانی بوو (عەلی، ٢٠١٣، ٢٥)، كەسایەتی سۆفییانەی شێخ حەسەن، كە بە (تاج العارفین) ناسراوە، پێدەچێت بۆ ئەو سەردەمە ڕاست و ڕەوان بێت، چونكە لە تێگەیشتنی چەمكی (تاج) [٥] دەردەكەوێت، كە ئەو تێگەیشتنە ئایینییە، بە هەڵوەستە كردن لەسەر ژیانی دونیایي، گەڕانەوەیە بۆ خود و خۆ بەدوور گرتنە لە تێكەڵبونی چێژی دونیایي. لە تێگەیشتنی سۆفیگەریشدا، شێخ بێ كەموكوڕییە لە زانستە شەرعییەكان و تەریقەت و زانیارییەكانی پەیوەست بە دەروون و هەبوونی توانای سەرووی مرۆڤ (الحفنی، ١٩٨٧، ١٤٣،؛ عەلی، ٢٠١٣، ٣٥)، كاتێك نازناوی تاج العارفینی هەڵگرتبێت، دەبێتە ئەو كەسەی كە لە كەسانی ئاسایي جیابكرێتەوە و لەو ناوەندە خێڵەكیي و نەخوێندەوارەی تێیدا دەژی، دەتوانێت بە ئاسانی موریدان و خەڵكانی ئاسایي وابەستەی خۆی بكات و پیرۆزی ببەخشێتەوە بەسەر ناوەندی تێڕامانی خەڵكانی ناوچەكە.

دەتوانین ئەو ڕاستییە بۆ ئەو سەردەمەی توێژینەوەكەمان باشتر هەست پێبكەین، كاتێك سەرنجەكانی ئیدمۆندس بۆ تێگەیشتنی كۆمەڵگەی كوردی سەردەمی نوێ دەخوێنینەوە، بەتایبەتی كاتێك كەشف و كەراماتی شێخ دەكاتە هۆكاری بەرز كردنەوەی پایە و پێگەی لەو كۆمەڵگەیەدا، پێیوایە ئەو دیاردەیە وایكردووە، تێگەیشتنی خەڵكی بۆ كەسایەتی شێخ تێڕوانینێكی خۆكردییە و شێخ لە سەرووی كەسانی ئاسایي دەبینن، لەو ڕێگایەوە مورید وابەستەی خۆیان دەكەن، تەنانەت لەوەش زیاتر دەچێت و دەڵێت، "مورید بۆ پەرستنی خۆیان ڕادەكێشن" (٢٠٠٤، ٩٥). ئەگەر ئەو گوزارشتە بۆ سەردەمی نوێ زیادەڕەوی تێدا كرابێت، دەتوانین بۆ سەدەكانی ناوەڕاست بە ڕاستی بزانین، چونكە ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی خەڵكانی ئەو دوو سەردەمە تەواو جیاوازە، لەوەش زیاتر توێژەرێك جەخت لەوە دەكاتەوە، پابەندبوون بە شێخی سۆفی بە هەڵبژاردن نییە و پێش مەرجێكی حەتمییە، بەبێ لێكدانەوەی چۆنییەتی بوون بە شێخ، مورید دەبێت دڵنیابێت لەو زانینەی لە ڕابەری تەریقەت وەریدەگرێ و بە ڕاستی بزانێت (لەشكری، ٢٠١٣، ١٠٥). لەو تێڕوانینەوە دەشێ بڵێین، كولتوری پیرۆزكردنی كەسایەتی شێخ، نەریتێكی باوی ناو كایەی سۆفیگەرییە و تێكڕای تەریقەت و ڕێچكە ئایینییەكانی ئەو بوارەی گرتوەتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ كولتوری پیرۆزكردن لە ناو كۆمەڵی عەدەویدا، دەبێت هەڵوەستە لەسەر سەرەتاكانی دامەزراندنی ئەو تەریقەتە بكەین، چونكە لە سەرەتای كۆبونەوەی ئەو كۆمەڵە لە دەوری كەسایەتی سۆفی شێخ ئادی، كولتوری بەپیرۆزكردن برەویسەندووە و ئەو كەسایەتییە پێگەیەكی ئایینی خەیاڵكردی بۆ دروستكراوە، زیادەڕەوی لە خۆشویستنی كراوە و لە تێگەیشتنی موریدەكانی گەیشتووەتە ئاستی پەرستن (ابن كثیر، ١٩٨٨، ٣٠٢/١٢)، ابن خلكان لە دەربڕینێكدا پشتڕاستی ئەو بۆچونە دەكاتەوە، ئاماژەی بەوە كردووە، موریدەكانی باوەڕیان بە شێخ ئادی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بژێوی و ڕۆزیان بە دەست ئەو بووە و پێگەیەكی خوایي هەبووە (١٩٩٧، ٢٥٤/٣)، تەنانەت المقریزی چیرۆكێك دەگێڕێتەوە، كە لەلایەن خوداوە داوەتكراوە و نان و پیازی لەگەڵ خواردووە، تەنانەت وازیان لە نوێژ و ڕۆژوو ئەركە ئایینییەكان هێناوە، بەو پێیەی ئەو لەجێگەی ئەوان ئەركەكان ئەنجام دەدات (١٩٩٧، ٣٦٩/٦-٣٧٠).

دەكرێ بڵێین ئەو تێگەیشتنە لەسەردەمی خودی شێخ ئادی لەناو شوێنكەوتەكانی دروست بووە، وەك دەبینین پێگەی ئەو كەسایەتییە و ڕێز گرتنی تەنها لەناو خەڵكی گشتی سنوری داخراوی ناوچەكەی نەبووە، بەڵكو لەناو میر و دەسەڵاتداران و خەڵكی دەوروبەری ناوچەكە ئەو ڕێزە زیاتر بووە و میر و سەرۆك هۆزەكان ڕێزی زۆریان لێگرتووە (التادفی، ١٩٥٦، ٨٦)، كاتێك سەردانی شاری موسڵی كردووە، فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی ئەو شارە بۆ پێشوازی هاتونەتە دەرەوەی شار و دەستییان ماچ كردووە (القادری، ٢٠٠٨، ١٢٣)، تەنانەت داوەتنامەی خەلیفەی عەبباسی ڕەتكردووەتەوە، ڕێز و پێگەی ئایینی ئەو كەسایەتییە لە وەڵامی خەلیفە دەردەكەوێت، كاتێك خەلیفە دەزانێت شێخ ئادی نەهاتووە بۆ بانگهێشتەكە، دەڵێت، "مانای ئەوەیە كەس ئامادە نەبووە" (العسقلاني، ٢٠٠٨، ٢٣٢).

ئەو کولتوری پیرۆزکردنە تەنها پەیوەست نییە بە زەمینە و پانتایی ڕۆشنبیری کایە و ژینگە ئایینییەکە، بەڵکو خودی شێخ ئادی ڕۆڵی هەبووە لە بەرهەمهێنانی ئەو تێگەیشتنە، لە خوێندنەوەی ئامۆژگارییەکانی تایبەت بە موریدەکانی، ئەو گوزارشتە ڕوون دەبێتەوە، کاتێك ئامۆژگاری موریدەکانی دەکات و تیشك دەخاتە سەر سوودەکانی شێخ بۆ مورید، ئاماژە بەوە دەکات مورید سوود لە شێخ نابینێت، ئەگەر باوەڕبوونی بە شێخ لەسەرووی هەموو باوەڕ بوونێك نەبێت (العسقلاني، ٢٠٠٨، ٢٩٩؛ الشعراني، ٢٠٠٥، ٢٠٣). ئەو تێگەیشتنە، وایکردووە موریدانی نەتوانن باوەڕی جیاوازی ئاینی و کەسایەتی دەرکەوتووی دیکە، لە دەرەوەی بنەماڵەی شێخەکەیان قبوڵ بکەن، وەك دەبینین ناکۆکییان لەگەڵ تەریقەتی دیکە دروستکردووە و گۆڕی شێخانی دیکەیان سوتاندووە (ابن المستوفي، ٢٠١١، ١٠٧). واتا پێش دەرکەوتنی شێخ حەسەن، پشتبەستن بە پێشەواو کەسایەتی شێخ، بەشێك بووە لە کولتوری عەدەوییەکان (ابن کثیر، ١٩٨٨، ٣٠٢/١٢).

لەگەڵ تەمەنی تەریقەتەکە کولتوری پیرۆزکردنی کەسایەتییە دیارەکان بەردەوام بووە، لە سەردەمی شێخ حەسەن، وابەستەبوون و گوێڕایەڵی موریدان زیاتر بووە، بۆیە ئەویش بێبەش نەبووە لەو مێژووە خەیاڵکردە خۆماڵییەی لە ناوەندە ئایینییەکە لە تێگەی موریدانی بەرهەمهاتووە، چونکە بێجگە لە پێگە ئایینییەکە، ئەو ڕۆڵی کەسایەتییەکی سیاسیشی بینیوە لە ململانێی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، وەك ململانێی لەگەڵ بەدرەدین لؤلؤ، بۆیە وەك پێشەوای ئاینی و کەسایەتییەکی سیاسی ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە ڕێکخستنی کۆمەڵی عەدەوییەکان و وەك کەسایەتییەکی پیرۆز سەیر کراوە، لەمەوە پێگەیەکی بەهێزتر لە شێخانی پێش خۆی بۆ دروستکراوە، تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هەموو بنەماڵەی عەدەوی پێوە ببەسترێتەوە. مەقریزی چیرۆکێك دەگێڕێتەوە، گوایە شێخ ئادی پێش مردنی داوای لە شێخ حەسەن کردووە پشتی بە پشتیەوە بنوسێنێت بۆئەوەی ڕەچەڵەکی عەدەوییەکان بۆ ئەو بگوازێتەوە، لەدرێژەی بەسەرهاتەکەیدا باسی زیادەڕەوی ئەو کۆمەڵە ئایینییە دەکات لە گێڕانەوەی کەرامات و خۆشویستنی شێخەکانیان، بەجۆرێك پیرۆزییان کردوون، دایك و باوك کچەکانیان پێشکەشی نەوەکانی شێخ حەسەن کردووە، بۆئەوەی بەخواستەکانیان بگەن، چونکە پێیانوایە نزیك بوونەوەی کچەکانیان لەشێخ، نزیك بوونەوەیانە لە خودا ( ١٩٩٧، ٣٧٠/٦). ناکرێت سەرلەبەری گێڕانەوەکە ڕاست بێت، بەڵام پێدەچێت بەشێك لە تێگەیشتنی گشتی ئەو کۆمەڵەی لە خۆگرتبێت، چونکە پێگە و هەژموونی ڕۆحی کەسایەتی شێخ حەسەن، لە زووەوە لەناو کۆمەڵی عەدەوییەکان دەرکەوتووە، بە جۆرێك کولتوری پیرۆزکردنی کەسایەتی، ئەگەر لەسەردەمانی پێش ئەو کولتورێکی باوی ئەو کۆمەڵگایە بوو بێت، لەسەردەمی ئەو ڕەنگدانەوەی زیاتری هەبووە، چونکە لەسەرەتای وەرگرتنی پێشەوایەتی تەریقەتەکەدا هەولیداوە سیستەمی پەیوەندییە ئاینییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دیکە ڕێکبخات، سەرەڕای لەگەل مورید و شوێنکەوتەکانی.

لێرەدا پێویستە هەلوەستە لەسەر بنەماکانی جیاوازی نێوان جیهانی دونیایی و جیهانی موقەدەس بکەین، بۆئەوەی بنەمای بەرهەمهێنانی کەسایەتی پیرۆزکراو بزانین، گەورە سۆسیۆلۆژیستەکان پێیانوایە کارەکتەری پیرۆزکراو لە کردەی پیرۆزەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەو کردەیە لە ئەنجامی بوونی هێزی ناسروشتی و نائاسایی لە کارەکتەرەکەدایە، کە ناویدەنێن هێزی (مانا)، ئەویش بریتییە لە هێزی باڵای کەسەکان، لە ڕێگەی ئەو هێزە باڵایەوە کەسەکان بەرز دەکرێنەوە بۆ ئاسمانی پیرۆز. ئەوەی گرنگە چۆنییەتی دروستکردنی متمانەیە لەسەر ئاستی میللی، کاتێك توانرا ئەو متمانەیە دروست بکرێت، ئەوا کەسی پیرۆزکراو، لە تێگەی پیرۆزکاراندا، جیهانی دونیایی جێدەهێڵێت و هەڵدەکشێ بەرەو ئاسمان. ئەو سۆسیۆلۆژیستانە جەختیش لەوە دەکەنەوە دانان بەو هێزی مانایە لە ئەنجامی پێویستی و چاوەڕوانی و خواست و ئارەزووە ڕۆحییەکانی گروپێکی کۆمەڵایەتییە بە شێوەیەکی ناعەقلانی، هەڵقوڵاوی پاڵەپەستۆی عاتیفی و ئیمانی کۆمەڵگەیە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، لێژێ، ٢٠٠٨، ١٩٣)، سەرەڕای ئەوەی پیرۆزکراوەکان وزەی ڕۆحی دەبەخشنە کۆمەڵگا. عەلی وەردی پێیوایە هێزی ڕۆحی کەسایەتییەکان بەرهەمی پێگەی ئایینییە و بە هێزی "مانا" ناویبردووە، پێیوایە ڕێز و پێگە و کەسایەتییەکەی لەبەر ئەوەیە کە خاوەنی مانایەکی زۆر بەهێزە، کە وایکردووە دەیپارێزێت لەهەموو ئەو مەترسییانەی ڕوبەڕوویان دەبێتەوە. (وەردی، ٢٠١٩، ٩٥).

سەرچاوەکان نمونەیەکی ڕوونی ئەو حاڵەتەمان بۆ دەگێڕنەوە، کاتێك واعیزێك سەردانی شێخ حەسەنی کردووە و ئامۆژگاری کردووە سەبارەت بە حەقیقەتی خودا، گوتارەکانی کاریگەرییان لەسەر شێخ حەسەن دروستکردووە و دڵی گوشراوە، بۆیە دەستیکردووە بە گریان، موریدەکانی ڕاستەوخۆ پەلاماری واعیزەکەیانداوە و سەریان بڕیوە، کاتێك شێخ بە ئاگا دێتەوە، واعیزەکە دەبینێت کوژراوە، پرسیار لە موریدەکانی دەکات ئەو ڕوداوە چییە؟ لەوەلامدا دەڵێن، "چۆن دەبێت ئەو سەگە شێخی ئێمە بگریێنێت؟" (الذهبي، ٢٠٠٣، ٤٩٩/١٤؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ١٢، ٦٣). ئەو بەسەرهاتە کاریگەری ڕۆحی ئەو کەسایەتییە دەردەخات لەسەر موریدانی و زیادەڕەویکردن لە خۆشویستن و پیرۆزکردنی، گوزارشتە لە پێگەی ئاینی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسایەتییە و باوەڕبونی ڕەهای موریدان، بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە، شێخ حەسەن کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبووە لە بەرامبەر ئەو ڕوداوە، بێدەنگ بووە و لۆمە و سەرزەنشتی موریدەکانی نەکردووە لەسەر ئەو کارەی ئەنجامیانداوە، الذهبی ئەو بێدەنگییەی گەڕاندووەتەوە بۆ حورمەت و ڕێزی خۆی، ئەمەش ئاماژەیە بە ویستی ئەو کەسایەتییە، لە خۆشویستن و پیرۆزکردنی لەلایەن موریدانی، وێنای ئەفسانەییشی دەردەخات لە تێگەی شوێنکەوتەکانی.

### تەوەری سێیەم، شێخ حەسەن لە یادەوەری ئێزیدییەکان

وێنای بەرهەمهێنراوی تێگەی میللی دیوێکی مێژووە، گروپێك یان کۆمەڵێکی ئایینی بەرهەمی دەهێنن و دەبێتە حەقیقەتێکی ئەوتۆ، پێویستی بە سەلمێنراوی عەقلی نییە، ئەگەر لای هەندێك وێنا و بەرهەمی ئەفسانەیی خەیاڵدانێك بێت، بەلام خودی ئەو کۆمەڵە وەك باڵا دەیبینن و بڕوای حەتمییان پێی هەیە. لێرەدا پێویستە بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە بەرهەمهێنانی ئەو پیرۆزکردنەدا، بگەڕێینەوە بۆ ئەو مانایەی گروپە باوەڕدارەکە بەرهەمیانهێناوە و بە فاکتەکە یان کەسایەتییە پیرۆزکراوەکەیان بەخشیوە.

ئێزیدییەکان وەك بابەتی توێژینەوەکە، هەرچەندە بە ئاینێکی یەکتاپەرست ناودەبرێن و باوەڕیان بە هێزی خودای تاکو تەنها هەیە (سمو، ٢٠٠١، ٥٥؛ فەتاح، ٢٠٠٤،

١٨٧/٣)، چەندین قەول و بەیتی ئەدەبیاتی ئێزیدی ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە، وەك لە بەیتێکی قەوڵی (پەدشێ من) هاتووە:

پەدشێ من ئێکێ مەزنە
پەدشایێ هەموو موئمنە

ڕەبێ دنێ یەدانێ منە (الدوسكي،٢٠١٠، ٣٩٤). بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە نەمری ڕۆح هەیە و پێیانوایە سوڕی خودا و تاوس مەلەك دەگاتەوە پیاوچاکان، لەو ڕوانگەوە ڕێزی پیاوچاکان و پیرۆزکردنیان بەشێکە لەکلتوری ئایینیان (ڕەشۆ، ٢٠١٣، ٩٣). ئەمەش مانای ئەوەیە تێگەیشتنی ئێزیدییەکان پەیوەستە بەو سیستەمە ناوخۆییەی کەسایەتییە ئایینییەکان بەرهەم دەهێنن، نەك کەسایەتییە ڕاستەقینەکە خۆی، کەسایەتی شێخ حەسەن لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو سیستەمە نییە، بەڵکو ئەوەندەی دەرکەوتەیەکی ئێزیدیانەیە، ئەوەندە کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی نییە. ئەو پرۆسەی خۆماڵی کردنە، پیرۆزکردنی کەسایەتی سۆفییە لە مێژووی بیروباوەڕی ئایینی کوردیدا (لەشکری، ٢٠١٣، ٨٦).

ئەو دیاردەیە لای زۆرێك لە گروپە ئایینییەکان بەدیدەکرێت، ئەگەر خودا هێزی هەرەباڵای ئاینەکە بێت، مرۆڤەکانی وەك پێغەمبەران و هاوەڵان و پیاوچاکانیش دەکرێن بە هێزێکی سەرووی مرۆڤ لەپاڵ خودا، پیرۆز دەکرێن و دەپەرسترێن، لە بۆنەکاندا پەنایان بۆ دەبەن و جۆرەها چیرۆکی ئەفسانەوییان بۆ دروست دەکرێت (میران، ٢٠٢٣، ٢٣-٢٤)، ئەو دیاردەیە تەنها تایبەتمەند نییە بە گروپە ئایینییەکان، بەڵکو لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان، دیاردەیەکی باو بووە و کەسانی دەسەڵاتدار پیرۆز کراون، بۆ نمونە لەناو عەرەبەکانی پێش ئیسلام کلتوری پیرۆزکردنی پاشا و سەرۆکهۆز و کەسایەتییە دیارەکانیان پانتاییەکی فراوانی شیعری ئەو سەردەمەی گرتووەتەوە، لە هەندێك ئاستدا باوەڕیان وابووە کە پاشاکانیان لە ئاسمانەوە دابەزیون، تەنانەت لە مێژووی کۆنی عێراقیش ئەو بڕوایە هەبووە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (سمار، ٢٠١٩، ٣٤).

سروشتی ناوچە کوردییەکان بە گشتی لەبار بووە بۆ گەشەسەندنی دیاردەی سۆفیگەری، بەتایبەتی ناوچە چیاییەکان، بەوپێیەی خاوەنی خەسڵەتی دوورەپەرێزی و لەبار بووە بۆ شێوە ژیانی سۆفییانە (لەشکری، ٢٠١٣، ٩٠)، ئەوەش وایکردووە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی بەدواوە چەندین پیاوچاك و سۆفی ناوداری کورد لەو ناوچەیە دەربکەون (تۆفیق، ٢٠١٢، ١١٩-١٢٢).

دەرکەوتنی ئەو کەسایەتییانە تەنها دەرکەوتنێکی ئایینییانە نییە، زیاتر لەوە وێنا کردنێکی میللییانەیە و لە دەرەوەی تێڕوانینی ئایینییانە ناسێنراون، ئەمەش وایکردووە، چەندین چیرۆك و کەرامات بۆ ئەو کەسایەتییانە دابڕێژن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: العسقلاني، ٢٠٠٨، ٢٤٥-٢٦٠)، ئەو سروشتە تایبەت نییە بەو تەریقەتە و کەسایەتییەکانی، بەڵکو دیاردەیەکە بۆ هەموو ڕێچکە سۆفیگەرییەکان ڕاستە، بۆیە دەبینین پانتایی سۆفیگەری کوردی، سروشتێکی کۆمەلایەتی- ئاینی ئەوتۆی بەرهەمهێناوە، ئەوەندەی پەیوەستە بە سروشتی کۆمەلایەتییانە، ئەوەندە پەیوەندی بە تێگەیشتنی بنەما ئاینییەکان نییە، چونکە شارەزاییەکی ئەوتۆیان، تەنانەت لە بنەما سەرەتاییەکانی ئایینیش نەبووە.

لەو تێڕوانینەوە دەشێت بڵێین پرۆسەی پیرۆزکردنی کەسایەتی و پێشەوایانی تەریقەتەکان، لە کۆمەڵگەکانی ئەو سەردەمە، کردەیەکی ئاسایی بووە، بەتایبەتی ئەوەی شارەزاییەکی باشی لە گوتارێژی ئایینی و لێهاتویی لە بوارە جیاوازەکان هەبوو بێت، ئاسان توانیویەتی دەوروبەرەکەی ملکەچی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خۆی بکات، بەو مانایەی پیرۆزی بەدەست بهێنێت و بە چاوی مانا سەیر بکرێت، چجای ئەوەی شارەزاییەکی قوڵی ئاینی و لێهاتویی لە بەکارهێنانی چەمکە فەلسەفییەکان هەبێت، ئەو کەسانە ئاسانتر توانیویانە ئەو کۆمەڵگەیە ملکەچ بکەن و دەستەمۆی پیرۆزکراویی خۆیان بکەن. شێخ حەسەن بەو هەموو توانا و لێهاتوییە ئایینییە و بوونی پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتیی و ڕەوانبێژی و شارەزا لە هۆنینەوەی شیعری سۆفیگەری (الذهبي، ٢٠٠٣، ٤٩٩/١٤-٥٠٠؛ الكتبي، ١٩٧٣، ٣٣٤/١-٣٣٥)، ئاسان توانیویەتی شوێنکەوتەکانی ملکەچی پیرۆزییەکانی خۆی بکات و پێگەیەکی سەرووی هێزی مرۆڤ لە تێگەیشتنی شوێنکەوتەکانی بەرهەم بهێنێت، هەر ئەوەش پیرۆزکردنی کەسایەتییە ناودارە ئێزیدییەکانی بەرهەمهێناوە، تا ئاستێك، شێخ و ڕابەرانیان گەیاندووەتە ئاستی فریشتە و پێیانوایە هەریەکەیان لەڕۆژێکی هەفتەدا دروستکراون، ئەرك و کاری دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەو کەسایەتییانە (فریشتانە) لەتێگەیشتنی ئاینیاندا هەماهەنگی خودا دەکەن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دونیا (کەرەملی، ٢٠١٢، ٧٧-٧٨)، هەریەك لەو کەسایەتییانەش لە مێژووی عەدەوییەکاندا، وەك کەسایەتی دیاری بنەماڵەی شێخ ئادی ئامادەییان هەیە و ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لەپێکهاتەی ئاینی تەریقەتی عەدەوی، ڕۆڵ و ئامادەیی ئەو فریشتانە لە نێو دەقە ئەدەبییەکانیاندا بەرچاوە و لە دوعای بەیانیاندا هەموو ئێزیدییەك ڕوو لە خۆر دەکات و دەیخوێنێت،

ئامین ئامین، تەبارەك لدین
ئەللا ئەحسەن لخالقین
بهمەتا شەمسەدین، فەخرەدین، سجادین، ناسردین
شێخ شمسە قەوەتا دین (ڕەشۆ، ٢٠١٣، ١٠٠٧).

دێڕی کۆتایی بەیتەکە گوزارشتە لە کۆکردنەوەی هێزی ئاینەکە لە کەسایەتی شێخ حەسەن، بەوپێیەی لە پاڵ شێخ ئادی کارەکتەری سەرەکییە لەپانتایی ئەو دوو باوەڕە ئایینییە، لە کاتێکدا شێخ ئادی دامەزرێنەری تەریقەتی عەدەوییە، کە لەدوای مردنی گۆڕەکەیان کردووەتەوە قیبلە و حەجی بۆ دەکەن (ابن خلكان، ١٩٧٧، ٢٥٤/٣)، شێخ حەسەن دامەزرێنەری ئاینی ئێزیدییە و داڕێژەری باوەڕی نوێی ئەو کۆمەڵە ئایینییەیە (صديقي، ٢٠١٥، ٢١١).

لەو تێڕوانینەوە دەکرێت بڵێین شێخ و ڕابەرانی ئەو تەریقەتە لە ناوکۆییە میللییەکەدا قۆرخی تێگەیشتنە ئاینییەکەیان کردووە، وەك پرۆسەیەکی کۆمەلایەتی، زیاتر لەوەی وەك باوەڕێکی ئاینی، چونکە تێگەیشتنی گەلەکۆیی بۆ ڕابەران لەناو ئەو کۆمەڵەدا، خۆڕادەستکردنە بەفاکتی هێزێکی ڕۆحی، کە گوزارشتە لە هاوکاریکردنی هێزی ئاسمان، ئەمەش دەرەنجامی ئەوە باوەڕەیە، کە لەو ئاینەدا پێغەمبەر بوونی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان خودا و مرۆڤی ئێزیدیدا هەیە (ڕەشۆ، ٢٠١٣، ٧٥).

تێکهەڵکێش کردنی کەسایەتی و فریشتەکان لەلایەن ئێزیدییەکانەوە، بۆ باوەڕبونیان بە کراس گۆڕین (تناسخ الأرواح- دونادۆن) دەگەڕێتەوە، وەك لە دەقی (١١)ی بەشی دووەمی کتێبی جیلوە هاتووە، "ڕێگە بەهیچ کەس نادەم لەو ماوەیە زیاتر

بژی کە بۆم داناوە، ئەگەر بەشیاوم زانی بەلیباس پۆشی (تناسخ الارواح) دوو یان سێ جار دەینێرمەوە سەر زەوی (کەرمەلی، ٢٠١٢، ٦٥).

بێجگە لە شێخ ئادی، مەلەك تاووس (عەزازیل) سەرکردەی فریشتەکانە و ریزبەندی یەکەمی وەرگرتووە لە دەسەلات و پیرۆزیدا، دەردائیل شێخ حەسەنە و لە پلەی دووەمدایە، پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە بەرێوەبردنی گەردووندا، (کەرمەلی، ٢٠١٢، ٧٧؛ صدیقی، ٢٠١٥، ٢٠٩)، هەموو رۆژێك لە شێوەی خۆردا دەردەکەوێت، وەك لە کتێبی مەسحەفارەش هاتووە، "خودا شەش خواوەندی لە زاتی خۆی و لە نوری خۆی دروستکرد، یەکەمیان بە دووەمیانی گوت، من لە نەبونەوە ئاسمانم دروستکرد، تۆش هەلبکشێ بۆ ئەوەی شتێك دروست بکەیت، ئەویش هەلکشا بۆ ئاسمان و بوو بە خۆر" (کەرمەلی، ٢٠١٢، ٨٣).

ئەمە گوزارشتە لە باوەرێکی ئالۆز، لەلایەکەوە وەك فریشتە ئامادەیی هەیە، لەلایەکی دیکەوە لەلایەن خودی خوداوە، وەك یەکێك لە شەش خواوەندەکان دروستکراوە، بێجگە لەوەی وەك هەسارەیەك هەلکشاوە بۆ ئاسمان و بووە بەخۆر، ئەو تێکهێلکێشە لە باوەری یەکگرتنی کەسایەتی و پیاوچاکان لەگەڵ هەسارەکانی گەردوون تەنها تایبەت نییە بە باوەری ئێزیدییەکان، بەڵکو پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و لە ئایینی دیکەشدا بەدی دەکرێت، وەك لە باوەری ئایینی ڤیدایشدا ئەستێرە درەوشاوەکان ئەو خەلکە داوێن پاکانەن، کە دوای مردن بەرەو جیهانی ئاسمان رۆیشتوون (بەهار، ٢٠١٥، ١٨٦).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئێزیدییەکان خاوەن کلتورێکی ئەدەبی میللی - زارەکی دەولەمەندن، کە بووەتە بەشێك لە فۆلکلۆری کوردی، لە بەرگی قەول و دوعا و نوێژ و داستان و چیرۆکی میللی دارێژراون. ئەو ئەدەبیاتە چوارچێوە میللیەکەی تێپەراندووە و کەلەپور و ئەدەبیاتێکی پیرۆزی ئایینی بەرهەمهێناوە لە تێگەی ئەو گروپەدا، تا ئاستی بوونی ئەو تێکستانە بە تێکستی ئایینی، چونکە هەموو جومگەکانی باوەر و داب و نەریت و چیرۆك و ئەفسانە و مەراسیمە ئایینییەکانی تێدا جێکراوەتەوە (رەشۆ، ٢٠١٣، ٩٠).

هەرچەندە ئەو کەلەپورە میللیە، بەرهەمی یادەوەری ئەزمونکراوی تاکێکی سەر بەو گروپەیە، بەڵام ناکرێت دابرێن لە تێفکرین و تێگەی ئەو کۆمەلگایەی ژینگەی کەسی بەرهەمهێنی ئەو ئەدەبیاتەیە، چونکە یادەوەری کۆمەلگا نەخشەی بیرکردنەوەی تاکەکان دیاریدەکات، یان بەمانایەکی دیکە گوشاری پیرۆزی کۆمەلگاکە چوارچێوەی مانا بەرهەمهاتووەکان دادەرێژێت، لەو تێروانینەوە دەتوانین هەلوێستە بەرهەمهاتووەکان بگەرێنینەوە بۆ ژینگە کۆمەلایەتییەکە، چونکە یادەوەری بە تەنها کورتناکرێتەوە لە تێگەی کەسێك، بەڵکو ناوەندێکی سروشتییە و کۆمەلگا چوارچێوەی بۆ دارشتووە (نصر، ٢٠١٣، ٩٠)، لێرەدا نوسینەوەی ئەو دەقانە، ئەوەندەی وێنای ناوەکی گروپەکەیە، ئەوەندە خۆێنواندن نییە، بۆیە لێرەدا بۆ گەران بە دوای ماناکانی هێزی رۆحی شێخ حەسەن، دەبێت بگەرێینەوە بۆ ئەو تێکستانە و ئەو راستییە بدۆزینەوە کە لەخەیالدانی ئەو گروپەدا دروست بووە، بەبێ گەرانەوە بۆ ئەو کەلەپورە، ناتوانین لە بنەما ئایینیەکانی ئەو گروپە بگەین.

لەو ئەدەبیاتە میللی – ئایینییەی ئەو گروپە، شێخ حەسەن بایەخێکی گرنگی پێدراوە و بووەتە سمبوڵی سەرەکی باوەری ئایینەکە، لە بەشی زۆری قەول و دوعا و بەیتە شیعرییەکان بە ناوەکانی (مەلیك شێخ سن، شێشمش، شێخ حەسەن) ناوی هاتووە، پێیانوایە وەك هەریەك لە فریشتەکانی دیکە، پێش ئافراندنی ئاسمان و زەوی دروستکراوە، پاشان ئەرکی بەرێوەبردنی بۆ دیاریکراوە، وەك لە قەولی (زەبونی مەکسوور)دا هاتووە:

پادشێ من رەب ئەلعزەتە

ژ ئەول ئەفرانبوو ملیاکەتە

دانا دەست وان دۆژ و جنەتە (رەشۆ، ٢٠١٣، ١٨٢). لە بەیتێکی دیکەی هەمان قەولدا، نوسەر لە پەراوێز، بۆچونی زانایانی ئایینی ئێزیدی رونکردووەتەوە، کە سەرچاوەی هێزی شێخ حەسەن (مەلیك شێخ سن) لە ئاسمانە و بووەتە بنەمای دەستەبەرکردنی ژیان لەسەر زەوی، هەروەها لە بەیتی (١٤)ی هەمان قەولدا، هاتووە: "بقودرەتێ، سووا سونەتێ مابوو شاخا موعەلەق لهەوا !" (رەشۆ، ٢٠١٣، ١٦٩)، بە هەلوەستەکردن لەسەر ئەو بەیتە، خالی هاوبەشی سەرچاوە ئیسلامییەکان و روانینی ئێزیدییەکان تێدەگەین، لەهەردوو کایە جیاوازەکەدا شێخ حەسەن سەرچاوەی بەرهەمهێنان و چەکەرەکردنی فۆرمی نوێی ئایینییە، بەو مانایەی فۆرمەلەبونی بیروباوەری ئایینی دەگەرێتەوە بۆ ئاراستە فکرییەکانی ئەو کەسایەتییە(١).

لە قەولێکی دیکەدا رۆحکێشانیش بە بێ فەرمانی شێخ ئادی و شێخ حەسەن و خودا ئەنجام نادرێت، وەك لە بەیتێکدا هاتووە:

بوی کورسی کە م ل سەر سەکنی

ئێزید و تەعالا

بی فرورا خودی و شێخادی

و مەلك شێخ سن

ج قالبا روح نا جیت ز بالە (سمو، ٢٠٠١، ١٧٩).

لە زۆربەی ئایینەکاندا، بە تایبەتی ئایینە ئاسمانییەکان، شەهادەت ناسنامەی باوەری هەرکەسێك دیاریدەکات بۆ ئایینەکە، لە باوەری ئێزیدییدا شێخ حەسەن پێگەیەکی بەرزی ئاسمانی هەیە و شایەتیدان بە حەق و راستێتی ئەو کەسایەتییە، مانای باوەرداربوونی کەسەکە دەگەیەنێت، وەك لە قەولی (شەهدا دینێ) دەڵێن:

شەهدا دینێ من ئێك ئەللا

مەلیك شێخ سن حەق حەبیب الله

مەقلوب و مەرگەهە سەلا (رەشۆ، ٢٠١٣، ١٦٩- ١٨٢).

(١) سـووا سـونەتێ، زانایانی ئایینی ئێزیدی پێیانوایە مانای هەوێنی ئێزیدییاتی دەبەخشـێت، سـەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ شـێخ حەسـەن و لە چەندین بەیتو قەولدا بە (سـووا مەلك شـێخ سـن) هاتووە، ئەو هەوێنە پێش دروستبونی فریشـتەکان لە ئاسـمان خولقێنراوە، باوەری زۆربەی نوسـەرانی مێژووی ئەو ئایینە هاوران لەسـەر گۆرین و وەرچەرخانی بیروباوەری عەدەوییەکان بۆ ئێزیدییاتی لەسـەر دەسـتی ئەو کەسـایەتییە (الذهبي، ٢٠٠٣، ١٤/٥٠٠؛ ابن تيمية، ١٩٧٢، ٣٠٥/١؛ صدیقی، ٢٠١٥، ٢١١).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp37-46

هەرچەندە لە باوەڕی ئێزیدییاتیدا پێگەی شێخ ئادی لە پێگەی هەموو فریشتەکانی دیکە بەرزترە، بەلام شێخ حەسەنیش ڕۆڵ و گرنگی کەمتر نییە و پانتاییەکی گرنگی باوەڕی ئەو گروپە ئاینییەی گرتووە، لە بەشی زۆری قەول و بەیتەکان، لە پاڵ ناوی شێخ ئادی ناوی شێخ حەسەنیش هاتووە، وەك لە قەولی سەرەمەرگێ هاتووە،

چی وەلەدەکی مسکینە
دانا بوو ناڤ تابوتەکە دارینە
هند وێ دگرین، هند وێ دهژینە
ئەو وەلەدە ناڤێ شێخ ئادی و مەلك شێخ سن لسەر بحەق تینە

لەو قەولەدا پلەی شێخ ئادی و شێخ حەسەن لە ئاسماندا پلەیەکی بەرزە و تێکەڵی سوری خودا بووە (ڕەشۆ، ٢٠١٣، ١٥٥)، بێجگە لەوەی لە باوەڕی بەشێك لە ئێزیدییەکان، بەتایبەتی ئادانییەکان، شێخی تەریقەت و هەوێنی باوەڕی ئێزیدییاتییە لە ئاسمان، لەسەر زەویش ڕابەر و پێغەمبەری ئومەتە

مەلی شێخ سن ل عەزمانا شێخێ سونەتێ
ول عەردی قەوەت دا نەبی ید ئومەتی (سمو، ٢٠٠١، ١٨٣).

بەو شێوەیە، دەشێت بڵێین تێکەیشتنی سۆفییانەی کۆمەڵی عەدەوییەکان، بەرهەمهێنەری مێژوویەکی خۆکردییە، وێنایەکی ئەوتۆی بۆ کەسایەتییە دیارەکانی بەرهەمهێناوە، کەلێکجار پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ڕەگەزی ڕاستەقینە نەماوە و تەواو جیاوازە، ئەمەش لە ئەنجامی سروشتی تێکەیشتنی ئاینییانەیان بۆ ئەو کەسایەتییانە، وەك پەرچەکردارێك بەرامبەر ئەو هێزانەی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی سیستەمی خێڵەکییانە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و باری ئابوری ئەو سەردەمە، ڕۆڵیان بینیوە لە بەرهەمهێنانی ئەو تێڕوانینە ئاینییە، وەك مارتن ڤان برۆنسن ئاماژە بەوە دەکات زۆربەی شوێنکەوتەی تەریقەتەکان چینی هەژار و کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگە بوون (٢٠١١، ١١٩/٢).

## ئەنجام

لە ئەنجامی گەڕان بەناو سەرچاوە مێژووییەکان، گەیشتینە چەند ئەنجامێك، کە خۆی لەو چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

١-کەسایەتی شێخ حەسەن لە سەرچاوە مێژووییەکان تەواو جیاوازە لەو وێنا خەیاڵکردەی ئێزیدییەکان بۆ ئەو کەسایەتییەیان کێشاوە، چونکە لە تێکەیشتنی ئەوان یەکێکە لە فریشتەکان و بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری دونیا دەکات.

٢- شێخ حەسەن خۆی ڕۆڵی لە گۆڕینی تێڕوانین و باوەڕی ئەم گروپەدا هەبووە بە خۆوێناکردن، گەورەیی و و پیرۆزی شێخ ئادی بەکارهێناوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو تێڕوانینە.

٣- باوەڕی ئێزیدییەکان بەو کەسایەتییە جێگیر نییە و ئاڵۆزە، هەندێك کات فریشتەیە، لەهەندێك دەقی ئەدەبیش وەك پەیامبەر سەیر دەکرێت.

٤- شێخ حەسەن ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵی عەدەوی، ئەوەش بەهۆی باوەڕبوونی چەمکە سۆفیگەرییەکانی وەك (حلول، الرجعة، تناسخ الارواح، وحدة الوجود).

٥- بەهۆی لێهاتویی و زرنگی و توانای گوتاربێژی و نوسینی دەقی شیعری سۆفیگەری، توانیویەتی کاریگەری ڕۆحی لەسەر شوێنکەوتەکانی دروست بکات و ببێتە کەسێکی پیرۆز.

٦-ت ڕوانینی سەرچاوە مێژووییەکان و ئێزیدییەکان بۆ ئەو کەسایەتییە لە خاڵێکدا هاوشێوەیە، ئەویش ئەوەیە کە دامەزرێنەری باوەڕێکی نوێی ئاینییە، چونکە لە سەرچاوەکاندا بە کارەکتەری سەرەکی گۆڕینی باوەڕی تەریقەتی عەدەوی دادەنرێت، لە تێکەیشتنی ئێزیدییەکانیش هەوێنی باوەڕی ئێزیدیاتییە.

## سەرچاوەکان

برۆنسن، مارتن ڤان (٢٠١١)، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

بەهار، میهرداد (٢٠١٥)، ئاینە ئاسیاییەکان، وەرگێڕانی: هادی عارفی، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی.

تۆفیق، زرار صدیق (٢٠١٢)، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چ٢، خانەی ئاویر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

ڕەشۆ، خەلیل جندی (٢٠١٣)، پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك.

عەلی، جەعفەر (٢٠١٣)، سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردد (١٨٨٠-١٩٢٥)، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.

فەتاح، شاکر (٢٠٠٤)، سەرجەم بەرهەمی شاکر فەتاح، ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

کەرمەلی، ئەنستاس ماری (٢٠١٢)، کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان جیلوە و مەسحەفا ڕەش،

لەشکری، حەیدەر (٢٠١٣)، لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

لێژێ، دانیال هێرڤیێ (٢٠٠٨)، ئاین چییە؟، و: عادل باخەوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

میران، ڕەشاد (٢٠٠٠)، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لەکوردستاندا، سەنتەری برایەتی، کوردستان.

میران، ڕەشاد (٢٠٢٣)، ئاین ڕوانگەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆگی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

وەردی، عەلی (٢٠١٩)، لێکۆڵینەوەیەك لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ناوەندی توێژینەوەی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی.

ئیدمۆندس، سیسیل جۆن (٢٠٠٤)، کورد تورك عەرەب، و: حامید گەوهەری، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

ابن المستوفي، شرف الدين ابو البركات الاربلي (٢٠١١)، تاريخ اربل المسمى نباهة البلد الخامل بذكر بمن ورده من الاماثل، تح: محمد عثمان، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن تيميه: أبو العباس تقي الدين (١٩٧٢), مجموعة الرسائل الكبرى، دار احياء التراث العربي، بيروت.

ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين الإربلي (١٩٧٧)، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تح: احسان عباس، دار صادر، بيروت.

ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر (١٩٨٨)، البداية والنهاية، تحقيق: على شيرى، دار احياء التراث العربى، بيروت.

بن مسافر، الشيخ عدى بن مسافر الاموى الهكارى (١٩٩٨)، اعتقاد اهل السنة والجماعة، تحقيق: حمدى عبدالمجيد السلفى و تحسين ابراهيم الدوسكى، مكتبة الغرباء الاثرية، مملكة العربية السعودية.

التادفي: محمد بن يحيى الحنبلي (١٩٥٦), قلائد الجواهر، مطبعة مصطفى البابى الحلبى واولاده بمصر.

الحسنى، عبدالرزاق (١٩٨٧)، اليزيديون فى حاضرهم وماضيهم، منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد.

الحفنى، عبدالمنعم (١٩٨٧)، معجم المصطلحات الصوفية، ط٢، دار المسيرة، بيروت.

الحمد، محمد عبدالحميد (٢٠٠١)، الديانة اليبدية بين الاسلام و المانوية، د. م.

الدملوجي، صديق (٢٠١٠)، اليزيدية، ط٢، د. م.

دوسكى، انس محمد شريف (٢٠١٠)، اتباع الشيخ عدى بن مسافر الهكارى – من العدوية الى اليزيدية، مكتبة الاصالة والتراث، الامارات العربية المتحدة.

الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله بن قَايْماز (١٩٩٥)، ميزان الاعتدال في نقد الرجال، تح: علي محمد معوض و عادل احمد عبدالموجود، دار الكتب العلمية، بيروت.

الذهبى، شمس الدين أبو عبد الله محمد (٢٠٠٣)، تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، حققه وضبط نصه وعلق عليه: د بشار عوّاد معروف، دار الغرب الإسلامي، بيروت.

السخاوى، علي بن محمد (١٩٨٦)، تحفة الاحباب وبغية الطلاب في الخطط والمزارات، تصحيح ومراجعة: لفيف من العلماء، مكتبة الكليات الازهرية، القاهرة.

سمار، سعد عبود (٢٠١٩)، المقدس عند العرب قبل الإسلام، دار ديموزى للطباعة والنشر، دمشق.

سمو: ازاد سعيد (٢٠٠١)، اليزيدية من خلال نصوصها المقدسة، المكتب الاسلامى، يروت.

شرفخان البدليسى، شرف الدين بن شمس الدين (٢٠٠٦)، شرفنامة فى تاريخ الدول والامارات الكردية، ترجمة: محمد على عونى، دار الزمان، دمشق.

الشعراني: أبو المواهب عبدالوهاب بن أحمد الشافعي (٢٠٠٥)، طبقات الكبرى المسماة بلواقح الانوار في طبقات الاخيار، تحقيق: سليمان صالح، دار المعرفة، بيروت.

صديقى، محمد الناصر (٢٠١٥)، تاريخ اليزيدية النشأة الفكر والمعتقدات العادات والطقوس، دار الحوار، سورية.

الصفدى، صلاح الدين خليل بن أيبك (٢٠٠٠)، الوافي بالوفيات، المحقق: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث، بيروت.

عبيدالله بن شبل، ابن ابى فراس الجبى التغلبى (د.ت)، الرد على الرافضة واليزيدية المخالفين للملة الاسلامية المحمدية، تحقيق: حمدى عبدالمجيد السلفى و تحسين ابراهيم الدوسكى، د.م.

العسقلاني, نصر بن عبدالله بن نصر (٢٠٠٨), النور السافر في مناقب سيدي عدي بن مسافر, دار الكتب العلمية, بيروت.

الغساني: ابو العباس اسماعيل بن العباس بن علي (١٩٧٥) : العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء والملوك، تحقيق: شاكر محمود عبدالمنعم، دار التراث الاسلامي، بيروت.

القادرى، برهان الدين ابراهيم بن على الديرى (٢٠٠٨)، الروض الزاهر في مناقب الشيخ عبدالقادر, دار الكتب العلمية, بيروت.

الكتبى، محمد بن شاكر بن أحمد بن عبد الرحمن (١٩٧٣)، فوات الوفيات، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر، بيروت.

ليسكو، روجيه (٢٠٠٧)، اليزيدية في سورية وجبل سنجار، ترجمة: أحمد حسن، دار مدى، دمشق.

المقريزي، تقى الدين (١٩٩٧)، السلوك لمعرفة دول الملوك، تح: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

الموصلي، احمد بن الخياط (١٩٦٦)، ترجمة الاولياء في الموصل الحدباء، حققه ونشره: سعيد الديوجي، مطبعة الجمهورية، الموصل.

مؤلف مجهول (١٩٦٤)، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة، تح: بشار عواد معروف و عماد عبدالسلام رؤوف، انتشارات رشيد، قم.

نصر، جعفر نجم (٢٠١٣)، الأنثروبولوجيا التاريخية؛ الأسس والمجالات في ضوء مدرسة الحوليات الفرنسية، مؤسسة الإنتشار العربي، لبنان.

## پەراوێزەكان

[١] . عدي بن مسافر بن اسماعيل بن موسى الهكاري، ساڵی (٤٦٥-٥٥٧ك/١٠٧٣-١١٦٢ز)، ناسراوە، لە گوندی (بیت فار)، لەناوچەیەك بەناوی (شوف الاكراد) لەدایكبووە، سۆفییەكی دیاری جیهانی ئیسلامییە لە سەدەی (٦ك/١٢ز)، دامەزرێنەری تەریقەتی عەدەوییە لە وڵاتی هەكاری، موریدەكانی لەدوای مردنی زیادەڕەوییان كردووە لە خۆشویستن و ڕێزگرتنی، لە تەكیەكەی خۆی لە لالش نێژراوە (ابن المستوفي، ٢٠١١، ١/١٠٦؛ ابن خلكان، ١٩٧٧، ٣/٢٥٤).

[٢] . ناوی شێخ عەدی كوڕی ئەبو بەرەكاتە، شێخ عەدی دووەمە و باوكی شێخ حەسەنە، ١٠ ڕۆژ لە دوای مردنی شێخ عەدی یەكەمی مامی لە دایكبووە، سەردانی هەر شوێنێكی كردبێت، دەسەلاتداری ئەو ناوچەیە بەڕێزەوە پێشوازی كردووە، لەساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٧ز)، كاتێك ویستویەتی فەریزەی حەج جێبەجێ بكات، لە ڕێگەی مەككە مردووە (ابن المستوفي، ٢٠١١، ١٠٦)، بەپێی سەرچاوەكان شێخ عەدی یەكەم تا لە ژیان بووە ژنی نەهێناوە، واتا شێخ حەسەن بە (٣) سێ پشت دەچێتەوە سەر صخر، كە دەكاتە برای شێخ عەدی یەكەم (السخاوي، ١٩٨٦، ١٦٩-١٧٠).

[٣] . ابن عربی، ناوی محمد كوڕی عەلی كوڕی عەبدوڵلای حاتەمی تائییە (٥٥٨-٦٣٨ك/١١٦٤-١٢٤٠ز)، یەكێكە لەسۆفییە ناودارەكانی جیهانی ئیسلامی و لەنێو گەلی سۆفییاندا بە (شێخی گەورە) ناسراوە، تەریقەتی سۆفیگەری (ئەكبەرییە)ی دامەزراندووە و خاوەنی ڕێبازی (وحدة الوجود) بووە لە سۆفیگەریدا (الذهبي، ١٩٩٥، ٣/٥٥٩-٥٦٠؛ ابن كثیر، ١٩٨٨، ١٣/١٨٠-١٨١).

[٤] . سەهرەوەردی، سەهرەوەردی ناوی شێخ ابو الفتوح شەهابەدین سوهرەوەردییە، ناسراوە بە (السهروردي المقتول)، لەشاری سوهرەوەردی باكوری ڕۆژئاوای ئێران لەدایك بوە، خاوەنی چەندین كتێبە، كە گرنگترینیان (حكمة الاشراق)ە، زیندوكەرەوەی فەلسەفەی ئیشراقە، تێڕوانینی فەلسەفییانەی ئێرانی و یۆنانی تێكەڵكردوە، پێیوایە هەمو شتێك تاریكە و تەنها نوری خودا دەتوانێت ڕوناكی بكاتەوە، سەر بە مەزهەبی شافعی بوە، لەساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز) لە حەلەب كوژراوە (ابن خلكان، ١٩٧٧، ٦/٢٦٨؛ الذهبی، ٢٠٠٣، ١٢/٣٤٥٣٤٦).

[٥] . تاج بە واتای دەربڕینی یەكۆتایی دێت و ئاماژەیە بۆ جەوهەری خودی یەكۆتایی (الحفنی، ١٩٨٧، ٤١).